# ئاورێك له‌ كارنامه‌ی ٢٨ساڵی رابردووی رژیمی ئاخوندیی ئێران





رژیمی دیكتاتۆری ئاخوندی ٢٨ساڵه‌ حكومه‌ت ده‌كات. له‌ ماوه‌ی ئه‌و چه‌ندین ساڵه‌دا رۆژێك نه‌بوه‌ كه‌ ئه‌و رژیمه‌ سه‌ركوتی خه‌ڵك نه‌كا. سه‌ركوتی به‌رده‌وام له‌ لایه‌ن رژیمه‌وه‌ دیارده‌یێكی ئاسایی ئه‌و ده‌سه‌ڵاته‌یه‌. له‌ راستیدا رژیمی ولایه‌تی فه‌قێ و دیكتاتۆی مه‌زهه‌بی له‌ هه‌لومه‌رجێكی تایبه‌ت و مێژوییدا به‌ سه‌ر خه‌ڵكی ئێران سه‌پێندرا. ئه‌و رژیمه‌ له‌ به‌ر ماهیه‌تی دوژمن به‌ مێژوو ورفتاری خاچه‌كانی ناوه‌راست نایهه‌وێ وناتوانێ وه‌ڵامی داواكانی خه‌ڵك بداته‌وه‌ هه‌ر بۆیه‌ ده‌ستی دایه‌ سه‌ركوتی خه‌ڵك وهێزه‌ دیموكراتیه‌كان كه‌ ویستیان دابین كردنی دیموكراسی وئازادی و خوش گوزرانی و ئابوری گه‌شه‌ پێ بده‌ن. له‌لاییێكی دیكه‌وه‌ هه‌وڵی ئه‌دا به‌ سیاسه‌تی ناردنی به‌ ناو ئینقلاب وقه‌یرانی شه‌رو ترۆر بۆ ده‌ره‌وه‌ی سنوره‌كانی ئێران هێزه‌ ئازادیخوازه‌ كۆمه‌ڵایه‌تیه‌كان له‌ ناو ببا و زاڵ بێ به‌سه‌ر ئه‌و هێزانه‌دا. به‌و شێوه‌ به‌ ئاژاوه‌ نانه‌وه‌ و په‌ره‌پێدان به‌ تروریزم له‌ لاییێك بۆ درێژه‌دان به‌ سه‌ركوت له‌ ناو خۆی ئێران وكوردستان و له‌ لاییێكی دیكه‌، هه‌ڵویست و پیلانه‌كانی به‌ ئازادیخوازان وتێكرای جیهان نیشان دا. سه‌ركوتی بێ به‌زه‌ییانه‌ی خه‌ڵك به‌شێوه‌یێكه‌ كه‌ تێكرای چینه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌ ده‌گرێته‌وه‌. به‌ چاو خشكاندنێكی خێرا به‌ كرده‌وه‌و هه‌ڵویسته‌كانی رژیم دا ده‌بینین ئه‌و رژیمه‌ ١٢٠٠هه‌زار ئیعدامی سیاسی ٥٠٠هه‌زار زیندانی سیاسی شكه‌نجه‌ كراو هه‌ڵواسین و گولله‌ بارنكردن و زیاتر له‌ ٣٠هه‌زار زیندانی سیاسی به‌ شێوه‌ی كوشتنی به‌ كۆمه‌ڵ له‌ ماوه‌ی چه‌ند مانگدا له‌ ساڵی ١٣٦٧ئه‌نجام داوه‌ و به‌ پیاده‌ كردنی ١٧٤ جۆری شكه‌نجه‌ له‌ به‌رانبه‌ر زیندانیانی سیاسی. ئه‌نجام دانی ٤٥٠عه‌مه‌لیاتی تروریستی له‌ ده‌ره‌وه‌ی ولات كه‌ زیاتر له‌ ٢٢٠جاریان له‌ دژی هێز و لایه‌ن سیاسیه‌ ئێرانیه‌كان له‌ ده‌ره‌وه‌ی ولات بووه‌. ساڵانه‌ زیاتر له‌ ٧٠٠هه‌زار كه‌س ده‌گیرێ وله‌ چه‌ند ساڵی رابردودا زیاتر له‌ ٨ ملیۆن نه‌فه‌ر له‌لایه‌ن ئه‌و رژیمه‌وه‌ گیراون. هه‌ڵواسینی لاوان به‌شێوه‌ی كۆ له‌ به‌رچاوی خه‌ڵك. پیاده‌كردنی شكه‌نجه‌ی وه‌حشیانه‌ وه‌كو به‌رده‌باران كردن وبرینی ده‌ست وچاو ده‌رهێنان و سه‌ر برین وقامچی لێدان له‌ شوێنی گشتی وله‌ به‌رچاوی خه‌ڵكدا... پیاده‌ كردن كرده‌وه‌ی دژ به‌ ژن وجیاوازیدان له‌ به‌رانبه‌ر ئافره‌تان به‌شێوه‌ی جۆراو جۆر. سه‌ركوتی كه‌مینه‌ نه‌ته‌وه‌كان و دینیه‌كان. داخستنی ١٣٣رۆژنامه‌ وبلاوكراوه‌ ته‌نیا له‌ زه‌مانی ئاخوند خاته‌میدا كه‌ ئێعدعای چاكه‌ خوازی ده‌كرد. ژماره‌ی رۆژنامه‌و گۆڤاره‌ داخراوه‌كان له‌ ده‌ورانی رژیم ده‌گه‌نه‌ زیاتر له‌ سه‌دان دانه‌. وه‌رێ خستنی زیاتر له‌ ٢٥ئۆرگانی سه‌ركوتگه‌ر په‌ره‌ گرتنی دیارده‌ی خۆ كوشتن و خۆ سوتاندن به‌تایبه‌ت له‌ نێو ژناندا به‌هۆی سه‌ركوتی به‌ر بلاوی كۆمه‌ڵایه‌تی وئابوری كه‌ بۆته‌ هۆی ناهومێدی له‌ نێوانیاندا. ئه‌و ئاماره‌ جیاواز له‌ وه‌ی كه‌ ئامارێكی سه‌ر سووڕهێنه‌ره‌. زیان گه‌لێكی دیكه‌یه‌ كه‌ راسته‌و خۆ، به‌رهه‌می ده‌سه‌ڵاتداریه‌تی رژیمی سه‌ر كوتگه‌ره‌ كوژران و نوقستان بوونی زیاتر دوو ملیۆن كه‌س له‌ كاتی شه‌ری ئێران وعێراق. زیان پێ گه‌یشتنی زیاتر له‌ ١٠٠هه‌زار ملیارد دولار له‌ كاتی شه‌ر له‌ گه‌ڵ عێراقدا ٧٠له‌ سه‌دی خه‌ڵكی ئێران له‌ ژێر هێڵی فه‌قره‌وه‌ن به‌تایبه‌ت له‌و چه‌ند رۆژه‌دا و له‌ كاتی ته‌زاهوراتی "معلمین" رایانگه‌یاند كه‌ ٧٠هه‌زار موعلیم له‌ ژێرهێڵی فه‌قردا ژیان به‌سه‌ر ده‌به‌ن. ئێران ٧ملیۆن موعتادی هه‌یه‌. هاورده‌ ودابه‌ش كردنی ١٢ ملیۆن دولار شت وه‌كی قاچاخ. ئه‌و بره‌ تایبه‌ت به‌ ساڵێكه‌ كه‌ شت وه‌كی یاساغ له‌ لایه‌ن پاسداره‌كان و به‌لەمه‌ غه‌یره‌ده‌وڵه‌ تیه‌كان چۆته‌ خاكی ئێران ودابه‌ش كراوه‌. رژیمی ئاخوندی له‌ نیوه‌ی دووهه‌می سه‌ده‌ی بیسته‌م تا ئێستا پێشه‌نگی ئه‌و وه‌ڵاتانه‌یه‌ ئیعدامی سیاسی ده‌كه‌ن له‌ جیهاندا له‌ گه‌ڵ سه‌رنجدان و به‌راود كردنی دانیشتوانی ئێران له‌ لایه‌نی ئیعدامه‌وه‌ پله‌ی یه‌كه‌مینی هێناوه‌ له‌ جیهان دا. له‌ دوای خۆپیشاندانێكی ئاشتیخوازانه‌ی كۆمه‌ڵێك لاو له‌ ساڵی ١٩٨١دا، به‌ فه‌رماتی خومینی حه‌مامی خوێنیان وه‌ری خست وهه‌زاران كه‌سیان لێ گرتن. دوو رۆژ دواتر رۆژنامی اطلاعات وێنه‌ی ١٢ كچی لاوی چاپكردو رایگه‌یاند كه‌ ئه‌وانه‌ ئیعدام كراون. چۆن ئه‌وانه‌ له‌ كاتی ئیعدام كردندا ناوی خۆیان نه‌بردووه‌ كه‌ رژیم داوای له‌ خانه‌واده‌ كانیان كرد كه‌ بۆ ناسینه‌وه‌یان بچنه‌ زیندانی ئه‌وین. مونته‌زیری جێگری ئه‌وكاتی خومێنی له‌ نامه‌یێك كه‌ له‌ ساڵی ١٩٨٨بۆ خومێنی نوسیبوو ره‌خنه‌ی له‌ ئیعدام كردنی زیندانیه‌ سیاسیه‌كان گرت. كه‌ ئه‌و ره‌خنه‌یه‌ی مونته‌زری بوه‌ هۆی ئه‌وه‌ كه‌ له‌ جێگه‌داری خومینی وه‌لانرێ. مونته‌زریری له‌ نامه‌كانیدا نوسیبوی: كه‌ ئیعدام كردنی چه‌ند هه‌زار كه‌س له‌ رۆژێكدا به‌ قازانجی رژیم نیه‌. ناو براو داوای كردبوو كه‌ به‌لانی كه‌مه‌وه‌ ده‌بێ ژنانی دوو گیان ئیعدام نه‌كرێن. خومێنی به‌ راشكاوی وه‌رگرتنی خوێنی زیندانیانی سیاسی بۆ پاسداره‌ بریندار‌ه‌كان له‌ به‌ره‌كانی شه‌ڕ حه‌ڵاڵ كردبوو. له‌ دوای ئیعدام كردنی به‌ كۆمه‌ڵی تێكۆشه‌رانی سیاسی له‌ ساڵی ١٩٨٨دا، ئه‌حمه‌دی كوری خومێنی، چه‌ند پرسیارێكی له‌ باوكی كرد بوو خومێی وه‌ڵامی دابووه‌و گوتی: كه‌ ئامانجی من له‌ حه‌ڵاڵ كردنی خوینی ئه‌و كه‌سانه‌ی ئیعدام ده‌كرێن كه‌ له‌ دژمنانی سه‌رسه‌ختی ئیسلامن و ده‌بێ به‌ گورجیش دوژمنانی ئیسلام له‌ ناو ببرێن و نه‌هێڵدرێنه‌وه‌، ئه‌و ره‌وشه‌ی خومینی داینابوو ئێستاش درێژه‌ی هه‌یه‌. هه‌روه‌ها گوتبووی كه‌ دیوانی به‌رزی ولات ژماره‌یێك له‌ به‌سیجه‌كانی كه‌ ٥كه‌سیان له‌ كرمان له‌ تۆڵه‌دا به‌ زیندوی خستۆته‌ چاڵ، عه‌فوو بكات. چونكه‌ كوژراوه‌كان (مهدوره الدم) بوون. دادگای شۆرشی شیراز به‌ فه‌رمی حوكمی برینه‌وه‌ی ده‌ست و پێی چه‌پی چوار كه‌سی چوار ساڵ به‌ر له‌ ئێستا ده‌ركرد. ئه‌و رژیمه‌ تا ئێستا (٥٣) جار له‌ لایه‌ن كۆمه‌ڵی گشتی سازمانی نه‌ته‌وه‌ یه‌كگرته‌كانه‌وه‌ و هه‌روه‌ها كومسیۆنی ماف مرۆڤ مه‌حكوم كراوه‌. سه‌ر كوت له‌ پێوه‌ندی به‌ ژنان هه‌مه‌لایه‌نه‌یه‌. جیاواز له‌ ئیعدام كردنی هه‌زاران ژن به‌ تایبه‌ت دوو گیانه‌كان و كچانی لاو، ئه‌و سه‌ركوته‌ سیمایێكی گشتی و كۆمه‌ڵایه‌تی هه‌یه‌. شتێك كه‌ هه‌ر ئه‌م رۆژانه‌ بۆ خۆمان شاهێدین. وه‌زیری ئیتلاعات رژیم رایگه‌یاندوه‌ كه‌ بێ حیجابی ژنان بۆ له‌ ناوبردنی نیزامی ئیسلامه‌. به‌وجۆره‌ گشت پۆلیس و پاسداران له‌ گۆشه‌ وكه‌ناری شاره‌كان یان به‌سیج كردوه‌ كه‌ ژنان ئازارو ئه‌زیه‌ت بده‌ن. رژیمی دژه‌ خه‌ڵكی ئاخوندی ئه‌و جۆره‌ سه‌ركوتگه‌ریه‌ی بۆ وڵاتانی ده‌ره‌وه‌یش ناردوه‌. پاسداران وبه‌كرێگیراوانی رژیم هه‌زاران كه‌سی بێ گوناهیان له‌ عێراق و باقی ناوچه‌كه‌ له‌ خوێن گه‌وزاندووه‌، كه‌ ئێستاش درێژه‌ی پێده‌ ده‌ن.

***

# هه‌زاران تروریستی شیعه‌ له‌ جه‌لیل ئاوای نزیک تاران راده‌هێندرێن

به‌ پێی راپۆرتی رۆژنامه‌ی (ئیندی پیندێت) چاپی ئینگلستان، هه‌زاران شیعه‌ی عێراقی له‌ باره‌گای جه‌لیل ئاواله‌ نزیك تاران خولی راهێنانی تروریستی ده‌بینن. ئیندی پیندێت قسه‌ی یه‌كێك له‌تروریسته‌كان به‌ناوی ئه‌بو عامر كه‌ سه‌ر به‌ تاقمی ره‌وتی سه‌درە ده‌گێرێته‌وه‌، كه‌ گوتویه‌ له‌لایه‌ن چه‌ند راهێنه‌ری سوپای پاسدارانی ئێران بار هێندراوه‌. ئه‌بو عامر له‌درێژه‌دا ده‌ڵێ: چه‌كدارانی شیعه‌ ره‌وشی به‌ربه‌ره‌كانێی پێشكه‌وتوو، بۆ وێنه‌ كه‌ڵك وه‌رگرتن له‌ چه‌كه‌ پێشكه‌وتوه‌كان بۆ له‌ناوبردنی فرۆكه‌ به‌كارده‌هێنن. له‌و راپۆرته‌دا ئه‌بۆ رافید كه‌یه‌كێك له‌و چه‌كدارانه‌یه‌ گوتی: هه‌زاران چه‌كداری شیعه‌ له‌ كه‌مپه‌كانی ئێران بارده‌هێندرێن و به‌وشێوه‌ بارهێنانی پێشكه‌وتوو كاریان له‌سه‌ر ده‌كرێ. راهێنه‌ره‌كانی سوپای پاسداران ئاموزش به‌ئێمه‌ ده‌ده‌ن كه‌ چۆن هێرش بكه‌ینه‌ سه‌ر ئه‌مریكایه‌كان. هه‌موو راكتیكی (سارۆخ) خستنه‌ خواره‌وه‌ی هلی كۆپته‌ر ته‌قاندنه‌وه‌ی تانكه‌كان وماشێنه‌كامان تاقی كردوه‌ته‌وه‌ وهه‌مومان له‌و باروه‌ شاره‌زاین. ئه‌و ئاماده‌كاریانه‌ بۆ بارو دۆخێكه‌ كه‌بچینه‌ شه‌رێكی گه‌وره‌وه‌ له‌گه‌ڵ ئه‌مریكا. جێگای باسه‌ كه‌باره‌گاكانی جه‌لیل ئاوا كه‌ به‌ پادگاكانی حیزب الله ناسراوه‌، یه‌كێك له‌و شوێنانه‌یه‌ كه‌ ته‌رخان كراوه‌ بۆ ئاموزش دانی هێزه‌ تروریسته‌كان. علیرزا جه‌عفه‌رزاده‌ لێكۆڵه‌وه‌ری سیاسی تلویزیونی فاكس نیوزی ئه‌مریكا له‌ وتووێژی ته‌له‌فزیونیدا له‌گه‌ڵ فاكس نیوز نه‌خشی هێزه‌ ده‌ره‌كیه‌كانی دیكه‌ی به‌ كاری ئه‌و هێزه‌ راهێندراوانه‌ی ئێرانه‌. ئه‌وانه‌ له‌ژێرپۆششی جۆراوجۆر مه‌وادی ته‌قینه‌وه‌ ده‌به‌نه‌ عێراق جه‌عفه‌رزاده‌ زیادی كرد: كه‌ هه‌ڵسورترین هێزی تێكده‌ر له‌عێراق، نیروی قودسه‌. بار هێنانی تروریستان ته‌نیا بۆ عێراقیه‌كان نیه‌، رژیم له‌ رابردودا ئاماری راهێندراوه‌ ده‌ره‌كیه‌كانی له‌ قوم وبه‌تایبه‌ت مه‌درسه‌ی ناسراو به‌ ناوه‌ندی جیهانی علومی ئیسلامی قوم بلاو كرده‌وه‌و ئه‌و ناوه‌ندی چالاكتر كرده‌وه‌و له‌ ئێستاوه‌، ئه‌و راهێندراوانه‌و هێزه‌ تروریسته‌تیه‌كانی دیكه‌ی له‌گه‌ڵ هێزه‌كانی وه‌كوقودسی سپای پاسداران ئاوێته‌كردوه‌. له‌و پێوه‌ند یه‌دا ژماره‌یێكی زۆر فه‌قێی پیاو له‌چه‌ندین وه‌ڵاتی جیهان له‌ قومدا سه‌رقاڵی خوێندنن. هێزی قودس سه‌دان كه‌سی له‌ مانگی خاكه‌لێوه‌ی ٨٦ دا بردوه‌ته‌ ناوچه‌عه‌مه‌لیاته‌كان. لێپرساوه‌تی و بارهێنانی ئه‌وانه‌ له‌ ئه‌ستۆی سوپابووه‌ ویه‌كێك له‌ پاسداره‌كان به‌ناوی سه‌رهه‌نگ حوسێنی عێشقی رێكخه‌ری ئه‌و فه‌قێیانه‌یه‌. جێگای سه‌رنجه‌ كه‌ زۆربه‌ی فه‌قێ خارجیه‌كان ئی وڵاتانی عه‌ره‌بستان و هیند وبه‌حره‌ین و ئیماراتی متحده‌ی عه‌ره‌بی و كوه‌یت و هوله‌ند و چین و ئه‌فغانستان و پاكستان و عێراقن و له‌ دوای ته‌واوبوونی خولی ئاموزشی بۆ په‌ره‌پێدان به‌ بناژۆخوازی و عه‌مه‌لیاتی تروریستی كه‌ له‌ چوارچێوه‌ی شیعاری هه‌نارده‌ی شۆرشی ئیسلامی ئێرانه‌ ده‌نێردرێنه‌وه‌ وڵاته‌كانی خۆیان. له‌لایێكی دیكه‌وه‌ رژیمی ئاخوندی چه‌ندین باره‌گای تروریستی و ئاموزشی له‌ عێراق و ئه‌فغانستان و لوبنان كردۆته‌وه‌ كه‌ به‌پێی سه‌رچاوه‌ باوه‌ر پێكراوه‌كان راهێنه‌رانی هه‌موو ئه‌وباره‌گایانه‌ ئه‌ندامانی سپای قودس و سوپای پاسدارانن كه‌ له‌ ژێر كۆنترۆڵی خامنه‌یی دان. بڵاوكراوه‌ی دیفاعی جینزدیفینس چاپی ئینگلستان له‌ راپۆرتێكی خۆیدا له‌ كۆتای مانگی خاكه‌لێوه‌ی رابردوو نووسی: كه‌ كار به‌ده‌ستانی زانیاری جیزب اللەی لوبنان كه‌ له‌لایه‌ن هێزی قودس رژیم راهێندراون له‌ حاڵی ئاموزشی دانی پێشكه‌وتوو به‌ئه‌ندامه‌كانی خۆیانن له‌ ده‌ره‌ی به‌قاغ وچه‌ك وچۆڵی وه‌كو مووشه‌كی زه‌وی به‌زه‌وی كه‌ دروستكراوی رژیمی ئێرانه‌ له‌ سنوری سوریه‌وه‌ ده‌نێردرێته‌ لوبنان و ده‌گاته‌ده‌ست حیزب الله‌. راپۆرت گه‌لێكی هاو شێوه‌ بڵاو بۆته‌وه‌ كه‌ ده‌رخه‌ری ئه‌وه‌بوو چه‌كداره‌ تروریستیه‌كانی ناو عێراق له‌ ده‌ڕه‌ی به‌قاعیش ده‌وره‌یان دیوه‌ وراسته‌و خۆ له‌ ژێرفه‌رمانی حیزب الله دابوون.

